باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا
نوسینگەی ووتەبێژ

13ی تشرینی یەکەم 2016 بۆ بڵاوکردنەوەی دەستبەجێ

بەیاننامەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا سەبارەت بەکۆمەکی مرۆیی بەردەوام بۆ ئاوارەکانی عێراق

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا پابەند دەمێنێتەوە بە کۆمەککردنی پێویستیە مرۆییەکانی عێراقیەکان کەبەهۆی شەڕی بەردەوامی دژ بەداعشەوە دروست دەبن. لەساڵی 2014ەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان بایی زیاتر لە یەک ملیار دۆلاری ئەمەریکی کۆمەکی مرۆیی بەخشیوەتە عێراق بۆ یارمەتیدانی عێراقیەکان لە دووبارە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگاکانیان و گەڕانەوە بۆ سەر ماڵەکانیان و هەروەها ژیانیان.

ئەو تیمانەی تایبەت بە هەڵگرتنەوەی مین کە لەلایەن ئەمەریکاوە پارەدارکراون زاتر لە 582,000 مەتر چوارگۆشەیان لەمین پاک کردۆتەوە لەعێراق بەلادانی 21,000 کیلۆگرام مادەی تەقەمەنی لەوناوچانەی لەدەستی داعش ڕزگارکراون, بە زانکۆی ئەنباریشەوە لە ڕومادی. لەتکریتیش ئەو هەوڵانەی لەلایەن ئەمەریکاوە پشتیوانیکراون یارمەتی گەڕانەوەی 175,000کەسیاندا بۆ سەرماڵەکانیان.

پشتیوانیەکانی ئەمەریکا تەنها لەچوارچێوەی هەوڵەکانی هەڵگرتنەوەی میندانین. لەمانگی تەموزدا, 65,000 کەس لە ئاوارە تازەکان سێتێک کۆمەکیان بەسەردا دابەش کرا کە پێک هاتبوو لە 6.4 کیلۆگرام خواردەمەنی و 12 لیتر ئاوی خواردنەوەو خەزانی ئاو هەڵگرتن وسێتێک پاک کەرەوە. لەماوەی نێوان مانگی ئازارو ئەیلول, بەهۆی پشتیوانیەکانی ئەمەریکاوە ڕێکخراوی کۆچی جیهانی توانی کەلوپەلی بەهاناوەچونی فریاگوزاری بەسەر زیاتر لە 115,000 ئاوارەدا دابەش بکات. لەتکریت, ویلایەتە یەکگرتوەکان بە 6.3 ملیۆن دۆلار بەشدار بوو لە دووبارە بنیاتنانەوەی قوتابخانەکان و پڕۆژەکانی ئاوو وێستگەی کارەباو هەروەها دابینکردنی هەلی کار.

لەچوارچێوەی ئامادەکاریەکان بۆ پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ لەلایەن عێراقەوە, ویلایەتە یەکگرتووەکان بەڵێنی بەخشینی 181 ملیۆن دۆلاری تری داوە وەک کۆمەکی مرۆیی بۆ خۆراک و ئاوو کەلوپەلە گرنگەکانی تر بۆ بەهاناوەچوونی لەناکاو بۆئەو عێراقیانەی لەشارەکە دەربەدەربوون. کۆمەکە نوێیەکە پەناگەو خزمەتگوزاری سەرەتایی تەندروستی بە خزمەتگوزاری تایەت بە لەدایک بوون و منداڵان و هەروەها دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری پشتیوانی کۆمەڵایەتی بۆ ئاوارەکان دابین دەکات. ئەم بڕە پارەیە ئاوی پێویستی پاک و پاکوخاوێنی ئاوەڕۆ و خزمەتگوزاری پاککردنەوە دابین دەکات بە ئامانجی یارمەتیدانی زیاتر لە 400,000 عێراقی لەدەستڕاگەیشتن بە ئاوی پاکی خواردنەوە.

هەموو کۆمەکەکانمان بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق و لەڕێی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی ترەوە ئەنجامدراون, ویلایەتە یەکگرتووەکان بەردەوامدەبێت لە پشتیوانیکردنی عێراقێکی خاوەن سەروەری و خۆشگوزەران و یەکگرتوو دیموکراس کە خزمەتی خولیای عێراقیەکان دەکات.

###